## سەرۆکی فەرماندە صدام حسین ڕەمزی یەکێتی گەلە

# ئالای ١٧-٣٠ تەمووز

# هەمیشە شەکاوەیە

مصلح جەلالی





کاتێ کە دیێن باسی شۆڕشی ١٧-٣٠ی پیرۆزی تەمووز دەکەین لام وایە ئاورێك لە وولاتی عیراق‌و میللەتی عیراقی پێش سەرکەوتنی ئەم شۆڕەشە مەزنە بدەینەوە ئەوکاتە ڕەنگ بێ بتوانین بەراوردێکی ڕوونی بەرهەمی ئەم شۆڕشە بکەین کە وولات‌و گەلی عیراق بۆیان وەبەرهاتووە ·

پێش ١٧ی تەمووزی سالی ١٩٦٨ - ڕژێمی عیراق لە لایەکەوە بە هۆی ئەو شەڕەوە کە لە سەرووی عیراقدا بەرپاکرابوو لەبەر ئەوەش کە نەیدەتوانی یاخود نەیدەویست ئاوێ بەم ئاگرەدا بکات هەمیشە دوور بوو لە وەدیهێنانی ئەو ئاواتانەی کە میللەتی عیراق سالەهای سال بوو خەباتیان بۆ دەکردن‌و قوربانییان بەوپەڕی دل‌فراوانی‌یەوە بۆ دابوو ·· سامانی نەتەوایەتی ونیشتمانیمان مۆنۆپۆلەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو کە یەکێ لەوانە نەوت بوو ·· زەوی‌و زار بە دەست دەرەبەگەکانەوە بوو جوتیارو کرێکار دەچەوسێنرانەوە ·· نەخوێندەواری زۆر بە گوڕو توانابوو دەسەلاتی زۆر دەڕۆی ·· خەستەخانەو خوێندنگە زۆر کەم لە شارەکان‌و بەدەگمەن لە دێهاتەکاندا هەبوون·· ڕێ‌وبان‌و پردوو بەست ئەگەر بلێین هەبوون دەلێین زۆر کەم‌بوون·· پیشەسازی نیشتمانی تەواو لاوازبوو ·· نەك ئافرەت تەنانەت پیاویش مافی خۆی نەبوو ·· دیموکراتی‌یەت لە زینداندا بوو ·· سیاسەت بە هەموو جۆرێ سەرو گوێلاکی دەکوترایەوە ·· مافی نەتەوایەتی کەم تا زۆر نەبوو بە کورتی‌یەکەی چ وولات‌و چ میللەتی عیراق ژیانێك دەژیان‌و لە دۆخێکدا بوون کە بەوپەڕی باوەڕەوە دەتوانین ناوی لێ‌بنێین دواکەوتن‌و ئەمەش هەموویان بەند بوون بە بیرو باوەڕو کرداری ئەو ڕژێمانەی کە پێش شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووز هاتن··

جا ئەگەر ئێستا هەندێك لەو کارانە باس بکەین کە سەرکردایەتی‌ی ئەم شۆڕشە بالایە بۆ وولات‌و میللەتی عیراقی کردووەو ئەو دەسکەوتە بەرزانە باس‌بکەین کە میللەتی عیراقمان لە سایەی ئەم شۆڕشەدا دەستی کەوتووە ، ئەو دەمە بەرزی‌و پیرۆزی ئەم شۆڕشەو سەرکردایەتی‌یەکەیمان بۆ دەردەکەوێ‌و بۆشمان ڕوون دەبێتەوە کە ئێمە پێش سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە چ کەشێکی دواکەوتن‌و برسێتی‌و وێرانی‌و نەخۆشیدا دەژیاین ·

سەرکەوتنی شۆڕشی ١٧-٣٠ی شکۆداری تەمووز گۆڕانی وولاتی عیراق‌و میللەتی عیراق بوو بەرەو پێشکەوتن‌و ·· «کە دەلێین پێشکەوتن هەموو بوارێك دەگرێتەوە» بەرەو دیموکراتی‌یەت‌و بەرەو ئەوەی کە هەموو مرۆڤێکی عیراق هەست بەوە بکات کە هەیەو ڕێزی دەگیرێ‌و دەتوانێ کار بکات‌و بەرهەم بدات ·· بەلێ هەست بکات بەوەی کە دەتوانێ قسە سەربەست بکات‌و ڕەخنە بگرێت‌و پێشنیار بکات ·· دەتوانێ بنووسێت‌و کەلەپووری نەتەوەیی خۆی زیندوو بکاتەوەو داوای مافی خۆی بکات ·· دەتوانێ خزمەتی

وولات‌و هەموو ئەو گیانە باشانە بکات کە دەیانەوێ وولات گەشە بکات‌و میللەت سەربەست‌و شادبژی··

بەم جۆرە شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووز توانی مرۆڤی نوێی عیراق پەروەردە بکات ·· نەوتی لە مۆنۆپۆلەکان سەندەوەو خۆمالی‌ی کرد ·· زەوی‌ی لە دەرەبەگەکان سەندەوەو بەسەر جوتیاردا دابەشی‌کرد ·· مافی ئەو پارتە سیاسیانەی دا کە بە ئاشکراو لەیەك بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازدا بۆ قازانجی وولات‌و میللەت بەوپەڕی سەربەستی‌یەوە کار بکەن·· مافی ئافرەت‌و مامۆستاو هەموو نیقابەو کۆمەلێکی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و هونەری‌دا ·· قەلاچۆی نەخوێندەواریی کرد ·· گوندی هاوچەرخی بۆ جوتیاران بە هەموو شتێکی پێویستەوە دروست کردو بە شەقامی قیرتاو کراوو فراوان ئەم گوندانەی بە شارەکانەوە بەست ·· چەندان بەستی بۆ ئاودانی کشت‌و کال‌و مەبەستی تری ئاوەدانی دروست‌کرد·· شارو دێهاتەکانی بە خوێندنگەو نەخۆشخانەو بازاڕو کەل‌و پەلی پێویست تێرکردو گوڕو توانایەکی زۆری بە کەرتی سۆشیالیستی دا بۆ ئەوەی بتوانێ بەسەر بازاڕی ناوخۆدا دەسەلاتی تەواو پەیدا کات‌و بنیاتی سۆشیالیستی بنێ·· خوێندن بە زمانی کوردی واتە وانەیەك لە هەموو خوێندنگەکانی عیراقدا کرا بە ڕەسمی·· ئەمە بە کورتی ئەو کارانە بوون کە سەرکردایەتی‌ی شۆڕش بە گشتی لە عیراقدا کردنی ·· بەلام ئەوەی کە بە گەلی کوردمان تایبەت بێ ·· ئەوەبوو چارەسەری ئاشتیانەی شەڕی سەرووی

وولاتی کردو مافی نەتەوایەتی‌ی گەلی کوردمان دراو دوو ئەنجوومەنی دەسەلاتداری ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی پێکهات کە ئەنجوومەنی یاسادانان‌و ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنن هەموو دەسەلاتی ئاوەدان‌کردنەوەی ناوچەکەی پێ‌بەخشین‌و زانکۆ لە کوردستان کرایەوەو ئەو ڕۆژ کرا بە جەژنێکی ڕەسمی هەموو عیراق ، دەیان دەزگاو بەڕێوەبەرێتی‌ی کوردی لە بەغداو شارەکانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمیدا کردەوەو بە هەزاران خوێندنگەو بە سەدان نەخۆشخانەو دایەنگەو کارگەو ·· هتد دروست کران ·· بە کورتی

گەلی کوردمان کە کاسی کوتەکی ڕژێمە نالەبارەکانی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووز بوو هەرکە لە سایەی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووزدا چاوی کردەوە بینی مافی ڕەوای خۆی دراوەتێ ·· جوتیار زەوی‌و زارو کۆمەلی جوتیاری خۆی هەیەو ئافرەت مافی خۆی‌و یەکێتی خۆی هەیەو لەکارگەو هەموو بوارەکانی کارو پێشکەوتندا شان بە شانی‌پیاو کار دەکات‌و توانای هەیەو بەرهەم دەدات ·· خوێندکاری کورد لە هەموو پلەکانی خوێندنگەدا بە زمانی کوردی دەخوێنێ‌و گشت پێویستی‌یەکیشی لە

خوێندنگە دەولەتە ·· گشت شاعیرو ڕۆشنبیرو چیرۆکنووس‌و هونەرمەندێ یەکێتی خۆی هەیەو لەلایەن دەولەتەوە بەرهەمەکانیان هان‌دەدرێن‌و چاپ دەکرێن‌و بلاو دەکرێنەوە ·· ڕۆژنامەو گۆڤاری بە زمانی کوردی هەیە کە لەوانەش ڕۆژنامەی هاوکاری هەفتانەو گۆڤاری بەیان‌و ڕۆشنبیری نوێی مانگانەن کە ئەم دەزگایە دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی دەریان‌دەکات‌و.. منداڵ ·· هەموو کەسێ لە کۆمەلدا بایەخی پێ‌دەدرێ‌و خزمەتی دەکرێ ·

بڕوانە ل ١٥